



گۆڕینی لەعارەبیەوە

د. فەیسەڵ عارەب بڵباس

قەیرانی ناوەندی تەمەن

لەو کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتیانە دەکۆڵێتەوە کە ژنان و پیاوان

لەناوەڕاستی تەمەنیاندا تووشیان دێن



3000

20474

دانانی

د. ئەحمەد خەیری حافز

هەولێر

٢٠١٩

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: قەیرانی ناوەندی تەمەن

دانانی بەعارەبی: د. ئەحمەد خەیری حافز

کۆرپنی بۆ کوردی: د. فەیسەڵ عارەب بڵباس

چاپی یەکەم ٢٠١٩

تیراژ: ٥٠٠ دانە

کۆمپیوتەر: نووسەر

هەولێر – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین

نەخشەسازی: کۆسرەت جمیل

ژمارەی سپاردنی (٧٠٦) بۆ ساڵی ٢٠١٩ پێدراوە

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

سەرەتا

– ئەرێ کاکە لەپەنجا سالّی نزیك بوویتەوە..؟

– ئەدی خانم تۆ تەمەنت لەچل و پێنج تێپەڕیوە..؟

– دەستی پێکردووە چەند بیرکردنەوەیەك مێشکت سەرقاڵ بکەن کاتێك کە بەتەنیا دەبی..؟

– لەخۆت پرسیوە: تۆ کێی؟ چیت ئەنجام داوە؟ بۆچی بەختیار نی؟ بۆ لەو ڕۆژانە هەست بەتەنیایی دەکەی..؟

– دەستت پێکردووە گومان لەبەهای خەبات و ماندووبوونی ئەوەندە سالّەی تەمەنی خۆت بکەی؟

– دەترسێی منداڵەکانت بەها و نرخی ئەو خۆبەختکردن و باجەی کە بۆیانت داوە بەهەند هەڵنەگرن..؟

– سەرت سوڕماوە لەوەی کە دۆستەکانت وردە وردە لێت دوور دەکەونەوەو لەبیرت دەکەن، هەرچەندە تۆ بۆیان دڵسۆزیش بووی..؟

– ئەو چرچ لۆچانەی کە خەریکە دێنە سەر دەموچاوت تووشی دڵەڕاوکێی کردووی و دەترسێی لەئایندەدا تەندروستیت تێکبچێ..؟

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

* * *

– ئەدی خانم تۆ:

– دەستیپێکردووە هەندێك بیرکردنەوە ئارامیت لێ بشێوێنن و نەیەڵن خۆشیی لەژیاندا ببینی..؟

– خەم لەوە دەخۆی کە وەکو جاران جێی سەرنج و تێڕامانی خەڵك نی و پیاوان وەکو پێشتر بەجوانی و نەرم و نیانیەکانتدا هەڵنالێن..؟

– دەترسێی لەوەی کە بەجێت بێڵن... خۆشەویستانت بەجێت بێڵن..؟

– لەتێڕوانینە گومڕەشی (غیرە) و رقلێبوونەوەکانی دۆست و دراوسێیان گڕ دەگری..؟

– لەو باوەڕەدای کە مێردەکەت بەدوای ژنێکی دیکەدا دەگەڕێ، چونکە تۆ وەکو جاران هەستی نابزوێنی و وروژێنەر نەماوی..؟

– خەمۆکی دەستیپێکردووە سەردڵت بگرێ و هەست بەخەمباریەکی بێ هۆکار بکەی..؟

– هەست دەکەی کە تەمەن دەڕوا و تۆش هێشتا لەژیان تێر نەبووی و بەجوانی و تێڕامانەکانی خەڵك بۆت، بەشی خۆت راتنەبواردووە..؟

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

– ئەدی لەبەیانی دەترسێی... کاتێك کە تەندروستیت خراپ دەبێ و جوانیت کز و پشتیوانت نامێنێ و چارەنووس لەپڕ شتێکت بۆ دێنێ..؟

* * *

ئەدی کاکی برا ئەتۆ:

– دەستتکردووە بە دادگاییکردنێکی تونـد بـۆ ئـەو مێـژووە درێژەی خۆت..؟

– دەستتکردووە بەلێپرسینەوە لەخۆت بۆ هەر هەڵەیەکی کە لەڕابردووتدا کردووتە..؟

– بۆچی درۆت کرد؟ ئەدی چی بەرەو ناپاکیکردنی بردی؟ ئەدی بۆ هیوای خراپت بۆ ئەو کەسە خواست و ستەمت لەوەی دیکە کرد.؟ بۆچی و بەبێ پاساو لەگەڵ منداڵەکانت تونـد بووی؟ چۆن ئەو سامانەی خۆت لەڕابواردن خەرجکرد بێ ئەوەی بیر لەدواڕۆژ بکەیەوە..؟

– بەقسەی لووس و پیاهەڵدانی نەرم و بەبیانووی خۆشەویستی، گاڵتەت بەچەند ژنان کردووە لەکاتێکدا دڵت وەکو بەرد سارد و رەق بووە بەرامبەریان..؟

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

– بۆچی لەگەڵ هاوسەرەکەت نەرم نەبووی؟ بۆچی هەستیت رانەگرت، هەرچەندە لەخزمەتکردنی خۆت و منداڵەکانتدا دڵسۆز بوو..؟

– چۆن وابەئاسانی دەستت بۆ ئەوانە برد کە هی خۆت نەبوون؟ ئەدی نەتدەزانی کە حەڵاڵ و حەرام هەیە و هەموو شتێك لێپێچینەوەی لەدوایە و دەبێ باجەکەی بدەی..؟

– ئایا لاپەڕەکانی رابردووت هەڵدەدەیەوەو هەر لاپەڕەیەکیش ئازار و خەم و ترس و ناقایلیی لێ بەدی دەکەی..؟

* * *

ئەدی خانم ئەتۆ:

– نقوومی گێژاوی لێپرسینەوەی ویژدان هاتووی کە واگای هێنای و هیچ دەرفەتێکت نەداتێ بێجگە لە رووبەڕووبوونەوەی..؟

– ئایا ئەو حەزە بچووکانەت وەبیر دێنێتەوە کە لەبیرت کردبوون و ئێستا لەپڕێکەوە دەردەکەون و دەڵێی هەر دوێنێ رووياندا وە..؟

– بەهای ماچێکی سەرپێچیکردن چیە؟ یان چرکەیەك رابواردنی بەنهێنی کە دێ و تێدەپەڕێ ئەو لێپێچینەوە تونەی بۆچیە..؟

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library